ئاسایشی نیشتمانی کۆنترۆڵی تۆڕەکانی ساختەکاری لە سێ پارێزگا توندتردەکات

ئەمڕۆ چوارشەممە دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی ڕایگەیاند: کۆنترۆڵی سەر تۆڕەکانی ساختەکاری لە سێ پارێزگادا توندتر دەکات.

لە بەیاننامەیەکی دەزگای ئاسایشی نیشتیمانیدا هاتووە:- دوای چەند هەفتەیەك لە بەدواداچوونی هەواڵگری و کۆکردنەوەی زانیاری مەیدانی، مەفرەزەکانی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی توانیان گورزی ئازاربەخش بدەن لەو تۆڕە ساختەکاریانەی کە بە نهێنی کاریان دەکرد،و ئاماژەی بەوەشکرد:

ئۆپەراسیۆنەکان دوای شیکردنەوەی ئەو زانیاریيانە کراوە کە لە سکاڵای هاووڵاتیانەوە وەرگیراون و بەدواداچوون بۆ تەوەرەکانی لێکۆڵینەوە لە ڕێگەی سەرچاوەی متمانەپێکراوەوە دەستپێکرد، ئەمەش وایکرد تیمە ئەمنییەکان نەخشەیەکی تەواو لە جووڵە و شوێن و تۆڕی پەیوەندییەکانی تۆمەتبارەکان بکێشن.

رونیشیکردەوە: بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوك هەڵیکوتایە سەر بارەگایەك کە لەلایەن دوو تۆمەتبارەوە وەك شوێنی ساختەکردن بۆ بەڵگەنامە فەرمییەکان بەکاریدەهێنران، لە هەڵمەتەکەدا پەیوەندییەکی مەترسیدار بە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە دەرکەوت، بەو پێیەی دەرکەوت تۆمەتباران بەڵگەنامەی ساختەیان بۆ ئەندامانی داعش دروستکردووە بۆ ئاسانکاریی جموجۆڵەکانیان و شاردنەوەی

ناسنامەی ڕاستەقینەیان.

ئاشکراشیکرد: مەفرەزەکانمان لە پارێزگای بەسرە بۆسەیەکیان دانا و ساختەکارێکیان کردە ئامانج لە قەزای زوبەیر، هەروەها دەست بەسەر ئامێرە دیجیتاڵییەکان و مۆری ساختە کە لە ساختەکردنی مۆڵەتی گومرگی و نەوتدا بەکارهێنرابوو، بە بەدەستییەوە گیرا، و ئاماژەی بەوەشدا: لە بەغدا لە یەك كاتتدا دوو هەڵمەتیان ئەنجامدا و بارەگایەکیان لە مەحمودی کردە ئامانج کە تۆڕێك بەکاری دەهێنا کە خۆیان لە بەرپرسانی حکومەت نیشان دەدا و بەڵگەنامەی ساختەیان دەکرد و پێشتریش بە ماوەی 72 کاتژمێر چاودێری وردی بۆ کرابوو.

راشیگەیاند: بەدواداچوون و ئۆپەراسیۆنەکانی لێکۆڵینەوە لە ئەنجامدا دوو تۆمەتباری مەترسیدار دەستگیرکران کە پسپۆڕن لە هاککردنی بەڵگەنامەکانی وەزارەتەکانی تەندروستی و نەوت و کەرەستەی پێشکەوتوو و مۆری ساختە لەدەستیاندا دەستی بەسەردا گیرا،و ئاماژەی بەوەشکرد: لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ڕادەی ئەو زیانانە دەرکەوتووە کە ئەم تۆڕانە بە دامودەزگاکانی حکومەت و هاوڵاتیان گەیاندووە، هەروەها مەترسی بەکارهێنانی بەڵگەنامە ساختەکانیان لە ساختەکاری دارایی و پێشێلکاری ئەمنیدا هەیە.